له نێوان هەموو دوو بانگێك ؛ نوێژكردن هەیە، له نێوان هەموو دوو بانگێك ؛ نوێژكردن هەیە»، پاشان له سێیەم جار فەرمووی: «بۆ هەركەسێك كه بیەوێت

له عبد اللەی كوڕی موغەفەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كه پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له نێوان هەموو دوو بانگێك ؛ نوێژكردن هەیە، له نێوان هەموو دوو بانگێك ؛ نوێژكردن هەیە»، پاشان له سێیەم جار فەرمووی: «بۆ هەركەسێك كه بیەوێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەكاتەوە كه له نێوان هەموو بانگدان وقامەتێك ؛ نوێژ هەیە، وئەمەی سێ جار دووبارە كردەوە، ولە سێیەم جار ڕایگەیاند كه ئەم نوێژە سونەتە بۆ هەركەسێك بیەوێت ئەنجامی بدات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65479